# تاووتوی شیعری ”بە خەونی ئەسپێکەوە ئاوارە“

محەمەد ڕەمەزانی
(بۆکان)

**بە خەونی ئەسپێکەوە ئاوارە**

**یوونس ڕەزایی**
**(بۆکان)**

فریا نەکەوتم ببمە بەیانیت
پێنێلۆپێ!

ژان لە سەر ژان
وەک کلووە بەفری ناو بیرەوەری
یەک لەسەر یەک.

ئەرێ کەس دەبینێ سیمام
لە سەد ئاوێنەی شکاودا؟
بەفرانبارە ئەو دەشتی چاوەڕوانییەم
بە هەزار ڕەنگ خۆ دەنوێنێ.

ئاخۆ کەس دەزانێ
ئەو پیادەڕێیانە کەی کۆتاییان دێ
کە هەر ویترینی مانکەنەکانی پاییزن؟

خەزەڵوەرە
ئەو کاتە پیرەی ڕادەبرێ
لە دارستانی ئینساندا!

دەرفەت نەبوو قاوەی تاڵی چاوت بخۆمەوە
سەفەرێکی دووری زەیتوونت لەگەڵ بکەم
گەشتێک بە کەناراوەکانی یۆناندا
تا دەگەینەوە تەنیایی پیاوێک
خۆی لە مندا ون کردبوو.

یەک لەگەڵ یەک
بەڵێنەکان هەڵوەشانەوە لە بادا
چەشنی هەڵوەرینی بەژنی ئەو سەربازانەی
دەبوونە میراتی ئەفسانە
لە دەریادا.

کاتم نەبوو
سواری ئەسپێک بم یاڵی ڕووبار و
کلکی کەروێشکەی دارستان.

دەنگی دارمانی بەژنی شەپۆلێک بێ
لە دوای تۆفان.

لە چاوەڕوانی ئەسپێکی چێویدا
خۆم حەشاردابوو
تا ئاوێنەکانی شەو بشکێنم

حیلاندی دارستانی من
سمکۆڵی کرد
ئەسپێک کە لەشی نیوەی بەهار و
نیوەی وەرزی دارستان بوو.

یەستا سێ هەنگاوی مابوو
بۆ بانگی ڕووناکی
فریا نەکەوتم ببمە بەیانیت!

کاساندرا
چەپڵەی لێ دا بۆ ون بوونم
ترسا، لە ڕێگەی سبەینێم
تەنیا چاوێکی داگرت و گوتی:
زمانی ڕوونت پیرۆزە
ئەی ئاوارەی ئەو گشتە ئاوێنەیەی خیابان!
بڕۆ و دەریا بۆ دەریا بەدیاری بەرە!
کاتژمێرت کووک کە لەسەر میلۆدی با
لەسەر ڕیتمی بزۆزی باران.

من کەشتی ئەو شیعرە دەبەمە شەقام
ناوونیشانی هەرێمێک دەخوازم
ژنێک لە چاوەڕوانی جیهاندا
داییسێ.

تاریکە سەردەمی چاوەڕوانی
کە هەرگیز کەس نییە



**یوونس ڕەزایی**

خاڵێک لە کۆتایی ڕستەی دانێ.

ناوونیشانێک هەمووی هەر دەستنووسی با بێ
ئاوارەیی، دەبێتە وەرزی سەرەتای.

وڵات: یۆنانی کەڤنارا
شار: ئیتاکا
شەقام: ناوێکی لە بیر کراو وەک باران
کۆڵان: ژنێک خەریکی گوڵدۆزی جوغرافیا بێ
لەسەر کفنی کاتێکی ون
پلاک: ژمارەیەکی کاڵەوە بوو
بە لاپەڕەی شیعرەوە
بگاتە دەست پێنێلۆپێ.
فریا ناکەوم گۆرانییەک بڵێم
لەو بێدەنگییەدا

سەفەری خۆم لە تۆدا دەست پێ کردووە
هەتا دەگەمە بەستێنت
نازانم چەند باڵندەی دی
لە ئاوێنەکاندا دەنێژرێن؟

لە هەرێمێک کە ئاور سەما دەکا
لە پەنجەرەی ماڵەکانیەوە
وێڕای ماسییەکان ڕوو لە ئاژاوەی دەریا دەکەم.

هەر دوورگەیەک دەکەمە پرسیارێکی نوێ
یەکەم وێستگە دوورگەی بایە:

بۆ کوێ دەبێ بشنێمەوە؟
ڕوو لە هەموو ئاسۆکانم.

دوورگەی دووەم باڵندەیە:
لە کوێ بفڕم
هەموو دووکانەکانی نیلووپەڕ ببەخشنە ڕێبواران؟
لە هەرێمێک ژنێک لە ژێر دارێک ڕوابێ.

دوورگەی سێیەم: گەردەلوولێکی یەک چاوە
لەشی بیرەوەرییەکانم دەخوا
چۆنت بنووسمەوە بە دوور بێ لە خوێن؟
بە زمانێک کە هەر تەنیایی دەیزانێ.

دە سەدە و ڕۆژێک لە پاش خەمۆکی
لە بەستێنی ئەو پیاوانەدام زمانی گەزیزە نازانن
تینووی پێستی ئەو ژنانەن هەرکام سنووری شارێکمن
تۆوی ویشکەساڵ دەچێنن
پاڵیان داوە بە دارێکەوە
لە هەڕەتی ئاوردا

بەر لەوەی بخەوم لە لەشی وڵاتدا
بە هەموو ئیتاکا سوێند بێ
من ئاوارەییم لە قەراغ ئۆقیانووس بایەگانی دەکەم

دێمەوە شارێک کە تۆ بێ
وێڕای ڕووبار.

ڕەنگە یوونس ڕەزایی یەکەم شاعیری کورد بێ کە لە شیعری حەماسی «ئۆدیسە»ی «هۆمێر»، لە بەرهەمێکی هونەری ئاوا بەهێزدا سرووشی وەرگرتبێ. سەردێڕی شیعرەکە دوو کلیل واژەی تێدایە «ئەسپ» و «ئاوارە». یەکەمیان وەبیرهێنەرەوەی ئەسپە دارینەکەی دەستکردی یۆنانیانە لە شەڕی ترِوادا و ئەوەی تریان ئاماژەیە بۆ ئۆدیسە و ئاوارەیی وی و سوپاکەی پاش گەڕانەوەیان لە شەڕی ترِوادا.

کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری بەناوبانگ، بە تایبەت لە سەدەی بیستەمدا، لەژێر کاریگەری «ئیلیاد و ئۆدیسە»ی هۆمێردا، کۆمەڵێ بەرهەمی دیاری هونەرییان ئافراند.

لە هەمووان دیارتر «جێمز جۆیس»ی بە ڕەچەڵەک ئیرلەندی کە ڕۆمانی «یولیسیز»ی لەسەر بناغەی ئۆدیسەی هۆمێر وەدی هێنا. «نیکۆس کازانتزاکیس» (١) ڕۆماننووس، شاعیر و بیرمەندی یۆنانی، شیعرێکی حەماسی بڵیندی بە ناوی «ئۆدیسە: پاشکۆیەکی مۆدێرن» نووسیوە.(٢) ئەویش وەک ئۆدیسەی هومێر بیست و چوار کتێبە. «کۆنستانتین کاڤافی» (٣) شاعیری بەناوبانگی یۆنانی شیعرێکی بە ناوی «ئیتاکا» هەیە.(٤) «فرانتس کافکا» کورتە چیرۆکێکی بە ناوی «بێدەنگی سایرێنەکان» نووسیوە.(٥) «مارگرێت ئەتوود» (٦) شاعیر و ڕۆماننووسی کەنەدایی ڕۆمانێکی هەیە بە ناوی «پێنێلۆپیاد» (٧) کە ڕۆمانێکی زۆر هونەری و تەکنیکییە و سەربوردەکانی ئۆدیسە لە زمانی پێنێلۆپ، دوزادە قەرەواشی، هەروەها لە زمانی تێلیماکوس، کە هەموو جارێ قسەی دایکی دەبڕێ، دەگێڕێتەوە.

خانمێکی دیکەش بە ناوی «ئیدنا ڤینسێنت میلێی» (٨) شانۆنووس و شاعیری ئەمریکی،

شیعرێکی بە نێوی «ئامازەیەکی کەونارا» هەیە،(٩) لەم بوارەدا دەیان ناوی دیکە هەن، مەبەستم ئەوە بوو شیعرەکەی یوونسی ڕەزایی لە پەنجەرەیەکی جیهانییەوە سەیر کەین.

هاوتەریب لەگەڵ ئیمازەکان و ئامازەکانی شیعری «بە خەونی ئەسپێکەوە ئاوارە»، باسی تەکنیکە هونەرییەکانیشی دەکەین. لە هەر شوێنێ بواری پێکگرتنی شیعرەکەمان لەگەڵ بەرهەمەکانی هونەرمەندانی ناوبراودا هەبێ، چەند نموونەی کورت لەوان دێنمەوە.

سەیرکەن فەزای پڕ ژانی، بەرەبەیانی، هێشتا تاریکانی بۆ ئۆدیسە و پێنێلۆپی خێزانی و تێلێماکووسی منداڵ، ئەو دەمەی ئۆدیسە وەڕێ دەکەوێ لە وڵاتی ئیتاکاوە بۆ شەڕی ترۆدا:

**ژان لە سەر ژان**

**وەک کلووە بەفری ناو بیرەوەری**

**یەک لە سەر یەک**

ژانی پێنێلۆپی لە ئۆدیسەی هۆمێردا، تێکەڵ بەخۆڕاگری و وەفادارییە، ئەوەش دەبێ بزانین ئەو شاژنە بە ڕەچەڵەک لە قەومی سپارتە و کچی ئاریۆس شای دوورگەی پۆلوپۆنێزە. سپارتەکان جەنگاوەر و خۆڕاگر بوون. لە یۆنانی کۆن، بڕوا بە چارەنووس، بڕوایەکی پتەو بوو. پێنێلۆپی بە شێوەیەکی کردەوەیی و پراگماتیک بیر دەکاتەوە و بە دووری نازانێ ئۆدیسە بکوژرێ و ئەو سەرەی بردی نەیهێنێتە دواوە و ئەم ناعیلاج بێ مێرد بکاتەوە.

**بەڵام هاتوو هەر نەهاتەوە،**

**ڕەنگ بێ ئەو دەم**

**بە هەر کەسێ بێ ناعیلاج بم مێرد بکەم.(١٠)**

ئۆدیسەی یوونسی ڕەزایی لە شەڕ و شۆڕی ترۆادا و لە گێرەوکێشەی بێبڕانەوەی کاتی گەڕانەوەی بۆ ئیتاکا، پیر دەبێ. شاعیر کۆمەڵێ واژەی وەک «بەفرانبار» و «خەزەڵوەر» و «پاییز» بەکار دێنێ، کە هەموو تامی سارد و سڕی و پیری دەدەن:

**ئەرێ کەس دەبینێ سیمام**

**لە سەد ئاوێنەی شکاودا؟**

**بەفرانبارە ئەو ئاوێنەی چاوەڕوانیم**

**بە هەزار ڕەنگ خۆ دەنوێنێ**

**ئاخۆ کەس دەزانێ**

**ئەو پیادەڕێیانە کەی کۆتاییان دێ**

**کە هەر ویترینی مانکەنەکانی پاییزن؟**

**خەزەڵوەرە**

**ئەو کاتەی پیری ڕادەبرێ**

**لە دارستانی ئینساندا**

لەو ئیمازانەی سەرێدا «سەد ئاوێنەی شکاو» خوازەیە بۆ دەریاکان، کە ئۆدیسە لە گەڕانەوەدا بە سەریاندا ڕادەبرێ. جگە لەوە لەو ئیمازانەی دواییش تووشی دێین وشەی «ئاو» و «ئاوێنە» بێجگە لە پێوەندی خوازەیی نێوانیان بە جۆرێکیش جیناس، یان (Pun) یان لە نێودا. سەیری دەستەواژەی «کە هەر ویترینی مانکەنەکانی پاییزن» بکەین، چەند خاڵی تێدا: مانکەن لە یۆنانی کۆن نەبووە و لە ئەدەبیاتدا بەو سەنعەتە دەڵێن «لادانی هونەری» (ئیختیاراتی شاعیری Poetic license). ئەو تەکنیکە کە تۆ باسی کەرەسە و ئامێری وا بکەی کە لە فلانە چاخی مێژوودا مرۆ هێشتا داهێنانی بۆ نەکردووە و نەبووە، پێی دەگوترێ «دژەکاتی»، یان (anachronism). بۆ وێنە لە شانۆی «جولیوس سێزار»ی شەکسپیردا (پەردەی دوو، سەحنەی یەک) برووتۆس و کاسیۆس دەڵێن: ئەوە کاتژمێر

(یان سەعاتی مەیدان) سێ جار زەنگی لێدا. دەیجا خۆ لە سەدەی پێش زایین کە سێزاری تێدا دەژیا نە سەعاتی دەستی هەبوو، نە هی دیوار و مەیدان. دەستەواژەی لە «دارستانی ئینسان»دا بڕێک سەیر دێتە بەرچاو، چونکە لە هونەر و ئەدەبیاتدا وشەی «دارستان» و «جەنگەڵ» ئاماژەیە بۆ ژیانی دڕندانەی ئاژەڵی و سەمبۆل، یان هێمایە بۆ کۆمەڵێ ئینسانی دوور لە دادگەری. بۆ وێنە، ڕۆمانی «جەنگەڵ» نووسراوی ئاپتن سینکلێر(١١- ١٢) باسی زوڵم و زۆری فەرمانڕەوایانی دەوڵەمەندی ئەمریکا دەرهەق بە چینی کرێکار و هەژار دەکات. لێرەدا ئەمریکای وەک جەنگەڵێک پیشان داوە کە ئەوی گیانەوەری بەهێزە زوڵم لە هی بێهێز دەکا و دەیخوا.

دەنگەکان لە شیعرەکەدا بە سێ شێوەیە: یەک، دەنگی دوو قۆڵی شاعیر و ئۆدیسە؛ دوو، دەنگی پێنێلۆپی؛ سێ، دیسان دەنگی شاعیر و ئۆدیسە. لێرەدا دەنگی پێنێلۆپی دەبیستین:

**دەرفەت نەبوو قاوەی تاڵی چاوت بخۆمەوە**
**سەفەرێکی دووری زەیتوونت لەگەڵ بکەم**
**گەشتێک بە کەناراوەکانی یۆناندا**
**تا دەگەینە تەنیایی پیاوێک**
**خۆی لە مندا ون کردبوو**

**یەک لەگەڵ یەک**
**بەڵێنە هەڵوەشاوەکان لە بادا**
**چەشنی هەڵوەرینی ئەو سەربازانەی**
**دەبوونە میراتی ئەفسانە**
**لە دەریادا**

ئەم دوو بەندە، دوو بیرۆکەی دژ بەیەکیان هەیە: یەکەمیان، پێنێلۆپی، یوونسی ڕەزایی بە ئاواتەوە بوو کە لەگەڵ ئۆدیسە وەک دوو دڵدار بچنە مانگی هەنگوین. لقوپۆپی زەیتوون هێمای ئاشتی و هێمنییە (لە حاڵێکدا لە بەندی دووەمدا تووشی شەڕ و توندوتیژی و مەرگ دێین). ڕەنگی سەوزی زەیتوون، ڕەنگی ژیانە. لێرەدا دوو دڵدار دەبنە یەک: (تا دەگەینە تەنیایی پیاوێک/خۆی لە مندا ون کردبوو) خوازەی «قاوەی تاڵی چاوت بخۆمەوە» سەرمەستی ئەوین پیشان دەدا، بەڵام لە سەدەکانی پێش زایین، قاوە هێشتا پەیدا نەبووبوو. قاوە، لە سەدەی هەشتدا، لە وڵاتی ئیتیۆپی، زۆر بەڕێکەوت لەلایەن کابرایەکی شوانی بەر بزنان بینراوە، کەوایە دیسان تەکنیکی «لادانی هونەری»، واتا هەڵبژاردەی شاعیری و «دژەکاتی»، یان (anachronism) دەبینین.

لە بەندی دووەمدا دەستەواژەی «بەڵێنە هەڵوەشاوەکان لە بادا» ئاماژەیە بۆ ئەودەمی پێنێلۆپی سەد خوازبێنیکەری هەبوو و هەمووشیان هاتبوونە کۆشکەکەی ئۆدیسە دایانکوتابوو، شەو و ڕۆژ مل پان مل پان لەسەر حیسابی پێنێلۆپی دەلەوەڕان، کەبابیان دەخوارد و شەڕابیان دەخواردەوە. پێنێلۆپییان وەڕەز هێنابوو، دەیانکوت ئۆدیسە تازە نەماوە و ئەو سەرەی بردی، تازە نایهێنێتەوە دواوە. پێنێلۆپی بەوەفا لە هەمووان بێزار بوو و ئەوانی لە چاو ئۆدیسە بە بۆرە پیاو دادەنان، بۆیە بە ڕۆژ بەڵێنی پێ دەدان و دەیکوت با ئەو مافوورە، یان بەڕەیە تەواو بێ. لەبەر ئەوەی ئەون نەچێتە پێش، شەو ئەوەی بەڕۆژ کەلکیت بەدەست کردبووی و تەنیبووی، بە شەو هەڵیدەوەشاندەوە. ئەمی خۆڕاگر چەند بەوەفا بوو، هیوای زیندوومانی ئۆدیسەی هەر نەبڕابوو.

زۆر جار بۆ ئەم پرسیارە کە هونەرمەندێکی

ژن لە ڕۆژگاری مۆدێرندا چۆن بیر لە حاڵی پێنێلۆپی دەکاتەوە: با ئاوڕێکی سەرپێیش لە شیعری «ئاماژەیەکی کەونارا» نووسراوەی خاتوو ئیدنا ڤێنسنت میلێی، شاعیر و شانۆنووسی ئەمریکی بدەینەوە. پێنێلۆپی ئەو خاتوونە شاعیرە دەڵێ لەو دەمەیدا چاوم بە گۆشەی پێشبەندەکەم دەسڕی، ئەو فکرەم بە مێشکی داهات:

**جا وەرە شەوێ تەواوی ئەوەی بەڕۆژ دەکرێ هەڵوەشێنییەوە**

**ئاخر خۆ عیسان لەشان و شەپیلک دەکەوێ**

**پشت ملی وەک دار و بەردی لێ دێ**

**نزیکە و بەیانیش، وادەزانێ ئیتر ڕووناکییەک پەیدا نابێ**

**کابرای مێردیش ساڵەهایە سەری تێدا چووە**

**خودا نەبێ کەس نازانێ لەکوێ (١٣)**

دیسان پێنێلۆپی یوونسی ڕەزایی هەودای خەیاڵی چەشنی ئەسپی بەزین و یاڵی تاو دەدا. لە مەراقی ئەوە دایە کە ئەویش شان بە شانی مێردەکەی بایە. ئەسپی چێوی لەبەر دەروازەی شاری تڕوایە، بە جۆرێ داکرایە، ئەو شەڕە لایەکی بەلایەکی داکەوتایە، ئیتر ئاو بە ئاور داکرایە. ئەو شێرە ژنە بە ئاواتەوەیە کە ئەویش پاڵەوانێک بایە لەناو ئەسپی چێویدا، لە بۆسە و لە سیپەدا، دوایەش گەڕانەوە بۆ زێدی خۆ، بێ تەگەرە و تەنگوچەڵەمە بایە:

**کاتم نەبوو**

**سواری ئەسپێک بم یاڵی ڕووبار و**

**کلکی کەروێشکەی دارستان.**

**دەنگی داڕمانی بەژنی شەپۆلێک بێ**

**لە دوای تۆفان.**

دیارە «تۆفان» شەڕ و پێکدادانی شاری تڕوایە. ئاواتی ئەم: پاش گەڕانەوە لە شەڕ، هێمنی دیاری ڕێگە با و دەریا هێور و میهرەبان با. مۆتیڤی «ئەسپ» لەم بەندەی سەرەوە و لە بەندی خوارەوە و لە سەردێڕی شیعرەکەدا، ئاماژەیە بۆ ژیانی شۆڕەسواری یاری نادیاری:

**لە چاوەڕوانی ئەسپێکی چێویدا**

**خۆم حەشاردا بوو**

**تا ئاوێنەکانی شەو بشکێنم**

لە شیعرەکەدا ئاوی دەریا مەیدانی شەڕی مان و نەمانە. ئاوێنە خوازەیە بۆ ئاو، وەکی گوتمان. بەندی خوارێ لە باری زمان و تەکنیکەوە لە ئەدەبی کوردیدا کەم وێنەیە:

**حیلاندی دارستانی من**

**سمکۆڵی کرد**

**ئەسپێک کە نیوەی بەهار و**

**نیوەی وەرزی دارستان بوو**

سەیری ئەم ڕستە هونەرییە «حیلاندی دارستانی من، سمکۆڵی کرد». کاتێ هونەرمەند بە دانستە ڕێنووسی ئاسایی زمان تێکدەشکێنێ، ئیتر گرامەر و دەستووری زمان ناحەبێنێ، تەکنیکێک پێکدێ کە پێی دەگوترێ «خوازەی لێکدراو» یا (catachresis). ڕێنووسی ئاسایی بە ئێمە دەڵێ: «ئەسپی دارین ڕوحی وەبەرهات و سمکۆڵی کرد». دیارە لە گرامەری ئاساییدا حیلاندن سمکۆڵ ناکا. بۆچی دەڵێین «خوازەی لێکدراو»؟، چونکە لەم ڕستەیەدا: ١-حیلاندن بە ئەسپ شوبهێنراوە. ٢- دارستان بە «دارین» شوبهێنراوە. ٣ -کەواتە حیلاندنی دارستان شوپێنراوە بە «ئەسپی دارین» (ئەسپەکەی تڕوا). سەیری تەکنیکی دژەکاتی بکەن لەم بەندەی خوارەوەدا:

**یەستا سێ هەنگاوی مابوو**

**بۆ بانگی ڕووناکی**

**فریا نەکەوتم ببمە بەیانیت!**

وشەی یەستا، ئەگەرچی بن زاراوەیی و ناوچەییە، لە باری موزیکاڵەوە زۆر خۆشترە لە «هێشتا» و «هێستا». کاتی ڕۆیشتنی ئۆدیسە سێ سەعات پێش سپێدە، یان بەیان ئەنگوتنە؛ «سێ هەنگاوی مابوو بۆ بانگی ڕووناکی». دیارە، سەربوردەکانی ئۆدیسەی هۆمێر لە سەدەکانی پێش خاچپەرستی و ئیسلامە. بانگ دیسان دەبێتە «لادانی هونەری» و «دژەکاتی»یان anachronism.

لە بەندی خوارەوەدا، ئاماژەیەکی میتۆلۆژیک دەبینین بۆ خوێن شیرینترین کەسایەتی، بەلای منەوە، لە ئیلیاد و ئۆدیسەی هۆمێردا، واتە خاتوو کاساندرا، غەیبزانی کچی پریام شای ترۆوا و خوشکی هێکتۆر و پاریسی قوون بە گێچەڵ، کە شاری ترۆوای تووشی شەڕ کرد و خۆی و بنەماڵەی تێدا برد.

کاساندرا جوانێکی بێ وێنە دەبێ. ئاپۆلۆ ئاشقی دەبێ و بە هیوای دەست تێکەڵکردنی، هێزی پێشبینی داهاتووی بە دیاری دەداتێ. کاساندرا، بەڵام یەخەی لێ هەڵدەتەکێنێ و ئاپۆلۆی تووڕە و دڵشکاو کە ناتوانێت دیارییەکەی بستێنێتەوە (شەرم بوو خوایان دیاری خۆیان بستێننەوە و نەیاندەتوانی بیستێننەوە) ئاوای تەمێ دەکا کە دەڵێ: کارێک دەکەم کەس باوەڕ بە پێشبینیەکانت نەکا. لەم بەندەوە دەنگی پێنێلۆپی دەبیسترێ و دەنگی دووقۆڵی شاعیر و ئۆدیسە دەست پێ دەکاتەوە. گوێ ڕاگرن بۆ پێشبینییەکانی کاساندرای غەیبزان:

**کاساندرا**
**چەپڵەی لێ دا بۆ ون بوونم**
**ترسا لە ڕێگەی سبەینێم**
**تەنیا چاوێکی داگرت و گوتی:**
**زمانی ڕوونت پیرۆزە**

**ئەی ئاوارەی ئەو گشتە ئاوێنەیەی خیابان!**
**بڕۆ و دەریا بۆ دەریا بە دیاری بەرە!**

من ئەوەندەی سەرچاوە میتۆلۆژیکەکانم پشکنیوە، چ هی یۆنانی کۆن و چ هی ڕۆژگاری نوێ، تووشی دیداری خۆوحاستی ئۆدیسە و کاساندرا نەهاتووم. گرینگ ئەوەیە کە هێزی خەیاڵی شاعیر ئەم دووانەی کردووەتە ئاشنا.

کاساندرا پێشبینی دەکا کە ئۆدیسە لە گەڕانەوە بۆ ئیتاکا تووشی دنیایەک گێرەوکێشە و قەرقەش و فەرتەنە و گێچەڵ دەبێ، بۆیە «ترسا». وەکی ڕەنگە بیستبێتتان ئۆدیسە کەسێکی زمان پاراو و قسەزان و زمان لووس بووە و ئەو دەمی ئاشیل و سوپاکەی لەگەڵ ئاگامێمنۆن، قسەیان لێکهەڵبەزیبووە (لە کاتی شەڕی ترۆوا)، ئۆدیسە بوو بە کەیخودا کە لەگەڵ لیژنەیەک چوو بۆ لای ئاشیل کە ئاشتی کاتەوە، بەڵام تەوسی کاساندرا: «زمانی ڕوونت پیرۆزە»، دیارە قسەزانی ئۆدیسە لەسەر دەریا دادی نادا. لێرەشدا وەکی دیتمان «ئاوێنە» مەبەست ئاوەکانی دەریایە. شاعیر تەعبیرێکی زۆر دەگمەن و هونەری بۆ سەرگەردانی و بەفیرۆچوونی بەشێکی زۆر لە ژیانی ئۆدیسە پێشان دەدا: «بڕۆ و دەریا بۆ دەریا بە دیاری بەرە!»

بەڵام با بزانین شاعیرانی ڕۆژگاری نوێ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو چەرمەسەری و پەت پەتیانەی دێنە سەر ڕێی ئۆدیسە چییە: کاڤافی، شاعیری یۆنانی، لە شیعری «ئیتاکا»دا، نە تەنیا ئۆدیسە ناترسێنێ و ناپیرینگێنێتەوە، بەڵکوو غیرەتی وەبەر دەنێ و دەڵێ بێترس و بێباکانە دەستەویەخە بە لەگەڵ کەندولەند و گێرەوکێشەی ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئیتاکا:

**لە لایستری گۆنەکان، لە سایکلوپەکان،**

**لە خودای پۆزێیدۆنی تووڕە و دەهریێ مەترسە.** (١٤)

لایستری گۆنەکان قەومێکی وەحشی بنیادەم خۆر بوون کە پاپۆڕەکانیان وەبەر گاشەبەردان دان و تەنیا پاپۆڕەکەی ئۆدیسە بە ساغی دەرچوو. سایکلۆپسەکان غوولی یەک چاو بوون و سایکلۆپس هەموویان کوڕی پۆزێیدۆن خوای دەریا بوون، ئەمانەش قەومێکی دڵڕەش و دڵڕەق و بێ ڕەزا بوون و سەرکردەی سایکلۆپس خەریک بوو ئۆدیسە و پیاوەکانی لە غارەکەدا زیندانی بکا، کە ئۆدیسە کوێری کرد، هەر ئەوە بوو بە هۆی هەڵچوون و گرژی پۆزێیدۆن.

کاڤافی لەم شیعرەدا ئامۆژگاری ئۆدیسە دەکات، دەڵێ: ئەگەر لە ئیتاکا وەڕەز بووی، نیشانەی ئەوەیە کە تۆ لە ئەزموون و ئاوەزدا زۆر دەوڵەمەند بووی، ئیتر ئیتاکا لە حاندی تۆ هەژارە، کەوایە بەجێی بێڵە و دیسان وەشوێن ئەزموونە پڕ کێشەکانی ژیان و جیهان بکەوە.

وێدەچێ هەم کاڤافی و هەم نیکۆس کازانتزاکیس سرووشیان لە شیعری «ئۆلیس» (١٥)ی ئالفرێد لۆرد تێنیسن (١٦) وەرگرتبێ. خاڵی هاوبەشی ئەم سێ شاعیرە ئەوەیە کە هەر سێکیان ئۆدیسە دوای بیست ساڵان دێننەوە ئیتاکا، بەڵام پاش کوشتنی خوازبێنیکەرەکانی پێنێلۆپی و دوای هێوربوونەوەی بنەماڵەی تووڕە و بەقین داچووی کەسوکاری کوژراوان، ئۆدیسە لە دڵەوە نەبانە لە ماڵ و منداڵەکەی، وەڕەزە لە خەڵکی نەزانی وڵاتەکەی. ئەم شاعیرانە لە عالەمی خەیاڵدا، ئۆدیسە و یارانی بە وەفای سواری پاپۆڕ دەکەنەوە و بەرەو وڵاتانی بیانی و ئەزموونە ڕەنگاوڕەنگەکانی جیهانی وەڕێ دەخەنەوە. لە شیعری ئۆلیسی تێنیسن دا کە پاپۆڕەکان ئامادەن بۆ سەفەر و کاتیش شەو و ئاسمان مانگەشەو، ئۆدیسە ڕوو دەکاتە هاوەڵانی هاوسەنگەری جارانی و دەڵێ:

**گەرچی نەمان ماوە گوڕ و تینی جاران**
**زەوی و ئاسمانمان دێنا ئامان و**
**ئێستاش ماوین هەر وەک خۆمان**
**یەک گیانی پاڵەوانین بۆ یەک مەبەست هەموومان**
**سووڕی دەوران و چارەنووس بردی ئەو تینەی ساڵان**
**بەڵام هەر پۆڵایە غیرەتمان بۆ تێکۆشان**
**بۆ دۆزین و وەدۆزین و کۆڵنەدان** (١٧)

لێرەوە شیعری «بە خەونی ئەسپێکەوە، ئاوارە» کە بەرەو کۆتایی نزیک دەبێتەوە، ناوەڕۆک و تێمی themeی حەماسی خۆی دەخاتە بەرچاو. باس لە چاوەڕوانی ژنێک (با بڵێین دایکی نیشتمان) دەکا کە چاوەڕێی ڕزگاریکەر و ئازادی ئیتاکا (با بڵێین نیشتمان، یان «هەرێمێک» کە نیشتمانە) و ناهومێدانە ناوونیشانی زێد و نیشتمان دەپرسێ:

**من کەشتی ئەو شیعرە دەبەمە شەقام**
**ناوونیشانی هەرێمێک دەخوازم**
**ژنێک لە چاوەڕوانی جیهاندا**
**دایسێ**

کلیل واژەکان: «ژنێک» (دایکی نیشتمان) و «چاوەڕوانی» (بۆ هاتنی ڕزگاری، یان ڕزگاریکەری نیشتمان).

**ناوونیشانێک هەمووی هەر دەستنووسی با بێ**
**ئاوارەیی دەبێتە وەرزی سەرەتای.**
**وڵات: یۆنانی کەڤنارا**
**شار: ئیتاکا**
**شەقام: ناوێکی لە بیر کراو وەک باران**
**کۆڵان: ژنێکی خەریکی گوڵدۆزی جوغرافیا بێ**
**لەسەر کفنی کاتێکی ون**
**پلاک: ژمارەیەکی کاڵەوە بوو**
**بە لاپەڕەی شیعرەوە**
**بگاتە دەست پێنێلۆپی**

**فریا ناکەوم گۆرانییەک بڵێم**
**لەو بێدەنگییەدا**

ئـەم نامەیـە زۆر دڵتەزێنـە و دادی ناگاتـە لای خـودا و گـەردوون. لێرەدا دایکـی نیشـتمان گوڵدۆزییـەک دەکا کـە خەریتـە، یـان نەخشـەی وڵاتـی لـە سـەرە، نامـە دڵتەزێنەکـەی کورتـە چیرۆکـی ڤانـکا Vankaی (ئانتـوان چێخەف)مـان وەبیـر دەخاتـەوە. ڤانـکا منداڵێکـی نـۆ ساڵانەی بچووکی بێ دایک و بابە، کە تەنیا باپیرەیەکی هەیـە لـە گونـد کـە ڤانـکای بەسـتەزمانی بـە شـاگردی ناردووەتـە لای کابرایەکـی پێـڵاودووری لە ویـژدان دوور و بێ بەزەیی. ڤانکا بە خەیاڵـی خـۆی، بـە دزییـەوە، نامەیـەک بـۆ کۆنسـتانتین ماکاریچـی باپیـری لـە گونـد دەنووسـێ و باسـی ڕۆژەڕەشـی خـۆی لـە شاری (مۆسکۆ) دەکا و لـە سـەر پاکەتـی نامەکـە دەنووسـێ: گوندەکەمـان، پاشـان نـاوی باپیری دەنووسێ و دەیبا دەیخاتـە سـندووقی پۆسـتەوە: نامەیـەک کـە قـەت نـاگا!

هـەر ئـەم ناهومێدییەیـە کە جێیمز جۆیس لـە ڕۆمانـی یۆلیسـیزدا دەری دەبـڕێ لـەوەی کـە لـە وڵاتـی ئیرلەنـد کۆیلـەی سـێ لایەنـە: کڵێسـەی کاتۆلیـک و ئیسـتیعماری ئینگلیـز و دایکـی بـێ دەسـەڵاتی نیشـتمان کـە تەنانـەت زمانـی دایکی خـۆی لـە بیـر چووەتـەوە، بۆیەشـە کـە وتـارە گەرموگوڕەکانـی ڕووناکبیـران و نیشـتمانپەروەران بـە چاوێکـی ڕەشبینانە سـەیر دەکا و لـە بەشـی حەوتـی یۆلیسـیزدا کـە نـاوی «ئیلس» ،خـودای بـا و پاشـای وڵاتـی ئیلیا یە، وتـارە توندوتیژەکانی ڕۆژنامەنـووس و نووسـەر و ڕووناکبیـران کـە بـە زمانـی ئینگلیـزی پێشـکەش دەکـرێ نـەک بـە زمانـی گایلیـک، یـان سـێڵتی (زمانـی ڕەسـەن، بـەڵام تێداچـووی ئیرلەند)، بـە بـا و فش دەزانێ. بەندەکانی کۆتاییش هـەر باس لـە گەڕانـەوەی سەمبۆلیکی ئۆدیسە و ڕێبواری دوور و درێژی چەند سـاڵە دەکا، بـەڵام پاڵـەوان، یـان (پاڵەوانانـی) خەباتـکاری وڵاتـی شـاعیر هـەر نەگەیشـتوونەتەوە زێـدی خـۆ و هـەر بەڕێـوەن. مانـادار لەوەدایـە کـە زۆر لـە لاوە خوێنگەرمەکانـی وڵات، کـە سـەری خـۆ هەڵدەگـرن بـۆ هەنـدەران، لـە لوتکـەدا و لـە دەریـای ئیجـەدا (خۆیـان و ئاواتیـان) دەخنکێـن. شـاری تـرِوا، دەبێتـە «حەسـارلیغ» لـە تورکیـای ئەمڕۆ و لـە پەنـای دەریای ئیجـە.

شـاعیر، هـاوزات لەگـەڵ پاڵەوانانـی خەباتـکاری ڕێبـواری ڕێگـەی دوور و درێـژی بـەرەو نیشـتمان، لـە سـێ دوورگـەی هێماییـان تـێ دەپەڕێنـێ:

**یەکـەم:** دوورگـەی (با) کـە ئامـاژەی میتۆلۆژیکە بۆ وڵاتـی ئیلیا Aeolia و ئیڵـس خودای بـا کـە هەوەڵجار یارمەتـی ئۆدیسـەی دا و بایـە تـووش و بەدفـەڕ و خولاسـە هەمـوو گژەبـا و گێژەڵووکـەی بـۆ کـردە نـاو هەمانەیەکـەوە و زیندانـی کـردن، بـۆوەی ئۆدیسـە و یارانـی بـە سـەلامەت بگەنـەوە ئیتـاکا، بـەڵام نزیـک ئیتـاکا ئۆدیسـە لەبـەر شـەکەتی خـەوی لـێ دەکـەوێ و پیاوەکانـی بـە تەماعـی ئـەوەی کـە هەمانەکـە پـڕە لـە زێـڕ و گەنـج، بـە پێچەوانـەی قسـەکەی ئیڵـس شـا، کردیانـەوە و ئەمجار بـای بەهێـز و نەیار و نالەبار هەسـتا و فڕێـی دانـەوە بـۆ جێیەکـەی پێشـوویان و کرەکەیـان بـۆوە بـە خـوری. ئیڵـس تـووڕە بـوو و یارمەتـی نـەدان.

**دووەم:** دوورگـەی (باڵنـدە) کـە ئاماژەیـە بـۆ وڵاتـی لۆتـووس خـۆرەکان. ئـەم گوڵـەش جـۆرە نیلوفەرێکـە و دەوری مـادەی هۆشـبەری دەگێـڕا. لۆتـووس خـۆران قەومێکـی هێمـن و دوورە شـەڕ بـوون و میوانـداری پیاوەکانـی ئۆدیسـەیان کـرد. ئـەم گوڵـە شـوێنێکی کـە لەسـەر مێشـکی مرۆی دادەنـا ئـەوە بـوو هەمـوو شـتێکی لـە بیـر دەچۆوە

و بێ خـەم و خەیـاڵ دەبـوو، بۆیـە ئۆدیسـە لـە پیاوەکانـی تـوورە بـوو و ترسـا هۆگـر بـن و زێـد و وڵاتیـان بیـر بچێتـەوە، بـە زۆر سـواری پاپـۆڕی کردنـەوە.

سێیەم: ئاماژەیـە بـۆ (پۆزێیدۆن) خـودای دەریا و باسـی پۆلیفێمووسـی یـەک چـاو سـەرکردەی سایکلۆپەکان کـە ئۆدیسـە کوێـری کـرد. پۆزێیدۆن بـە تۆڵـەی کوێربوونـی کوڕەکـەی هەڵـی کـردە بـا و گێژەڵووکـەی بەهێـز کـە پاپـۆڕەکان بـە ئۆدیسـە و پیاوەکانییـەوە نوقـم بـکا و بیانخنکێنێ:

**هەر دوورگەیەک دەکەمە پرسیارێکی نوێ**

**یەکەم وێستگە دوورگەی بایە**

**بۆ کوێ دەبێ بشنێمەوە؟**

**ڕوو لە هەموو ئاسۆکانم.**

فرمانـی «بشـنێمەوە» بـۆ گیـا و لقوپۆپـی دار و بـۆ ئـاڵا دەبـێ، نـەک بـۆ مـرۆ، بۆیـە لێرەشـدا خـوازەی لێکـدراو، یـان catachresis بەکارهاتووە.

**دوورگەی دووەم باڵندەیە:**

**لـە کـوێ بفـڕم هەمـوو دووکانەکانـی نیلوپـەڕ ببەخشـنە ڕێبـواران**

**لە هەرێمێک**

**ژنێک لە ژێر دارێک ڕوابێ**

پرسـیاری «لـە کـوێ بفـڕم؟» ئاماژەیـە بـۆ وەهمـی بەباڵندەبـوون لـە ژێـر کارتێکردنـی کیمیاوی و هۆشـبەری گوڵـی لۆتـووس، یـان نیلوپـەڕ.

شێوەڕسـتەی «لـە هـەر هەرێمێـک ژنێـک لـە ژێـر دارێـک ڕوابـێ»، ئاماژەیـە بۆ هێمنی و ئاشـتیخوازی و دووربـوون لـە توندوتیـژی دانیشـتووانی ئـەو وڵاتـە، هەروەهـا وڵاتـی شـاعیر.

**دوورگەی سێیەم: گەردەلوولێکی یەکچاو**

**لەشی بیرەوەرییەکانم دەخوا**

**چۆنت بنووسمەوە بە دوور بێ لە خوێن؟**

**بە زمانێک کە هەر تەنیایی دەیزانێ.**

«گەردەلوولێکـی یەکچـاو» خـوازەی لێکـدراوە. یەکچـاو ئاماژەیـە بـۆ سایکلۆپسـەکان کـە کـوڕی پۆزێیـدۆن بـوون و ئۆدیسـە پۆلـی فێمووسـی کوێـر کـرد. ڕسـتەی «لەشـی بیرەوەرییەکانـم دەخـوا»، ئاماژەیـە بـۆ بنیـادەم خـۆری و دڕندەیـی قەومـی یـەک چـاوی سـایکلۆپس. پرسـیاری «چۆنـت بنووسـمەوە بـە دووربـێ لـە خوێـن» دیسـان پێداگری دەکاتەوە لەسـەر خوێنمژی و خوێنخۆری و خوێنڕێـژی ئـەو قەومـە نەعامـلاو و دڕندەیـەن.

ڕەنگـە خوێنـەر ئـەو سـێ سـەحنەیەی سـەرەوە وەک کورتەیەکـی سـەمبۆلیک لـە مێـژووی کوردەواری تەماشـا کا و بڵـێ هەرسـێک ئـەو نەخۆشـییە مێژووییانـە وەک پەتـای کوشـندە بەرۆکـی بـە گەلەکەمـان گرتـووە:

**یەکـەم:** وەتەمـاع کەوتنـی پیاوەکانـی ئۆدیسـە و کردنـەوەی هەمانـەی بایەکـە، دەتوانـێ ئامـاژە بـێ بۆ بیر کورتی خەباتکارانی وڵات لە ڕۆژگاری عەشیرەتیدا، کە هەریەکـی تەنیا تەماعی پاراسـتنی موڵـک و ماڵی خـۆی هەبوویـێ و بەرژەوەنـدی تاکەکەسـی خـۆی پشـت ڕاسـت کردبێتـەوە، نەیانتوانیبـێ دوور بڕوانـن و لـە خەمـی دواڕۆژی وڵاتـدا بـن و بـە بۆنـەی مـن و تـۆی و سـەد پۆیـی، ئاشـی نەیـار باشـتری هاڕیبـن.

**دووەم:** نەزانـی و نەخوێنـدەواری و بیـری خورافـی و ئایینـی ئـەو گەلـە لـە چەشـنی مـادەی هۆشـبەر بووەتـە مڵـۆزم و هـۆی سڕبوونـی مێشـک و لەشـیان. سـپای عوسـمانییەکان لاقـی ڕەشـیان دەنـا نێـو وڵاتـی پیـرۆزی کـوردەواری، بـێ فەزیحەتییـان بـە کچـان و ژنـان دەکـرد، کەچـی هێندێـک لـە مەلایانـی خـوان دڕ و بـێ ئەمەگـی سـفرەی وڵات کـە سـەریان لـە توورەکـە و ئاخـوڕی ترکـە عوسـمانییەکاندا بـوو، دەیانگـوت دەوڵەتـی عوسـمانی نوێنـەری پێغەمبـەری خوایـە و هـەر کـەس لـە ڕووی دەوڵەتـی عوسمانلی وەرگەڕێتەوە،

شمشـێری دژ بـە پێغەمبـەری خـودا هەڵگرتـووە!

سـێیەم: لـە ناحەزانـی مێژوویـی گەلـی کـورد بـە هەمـوو تـۆو و تۆرمەیانـەوە، کێهەیـان لـە سـایکلۆپەکان باشـتر بـوون؟

شـاعیر، بـەڵام چیرۆکـە خەمناکەکـە بـە لایەکدا دەبا، لـە ئاکامـدا هێمـن و ئاسایی دوور دەڕوانێ و «ئاسـۆ ڕوون» دەبینـێ:

**بەر لەوەی بخەوم لە لەشی وڵاتدا**

**بە هەموو ئێتاکا سوێند بێ**

**من ئاوارەییم لە قەراغ ئۆقیانووس بایگانی دەکەم**

**دێمەوە شارێک کە تۆ بی**

**وێڕای ڕووبار**

ئـادی! ئارکیتایـپ archetypeی ڕزگارکـەری بەڵێنـی دراو: عیسـا لـە خاچپەرسـتاندا، مەهـدی لـە موسـڵماناندا و مەسـیح لـە یەهوودیانـدا.

**پەراوێزەکان:**

1- Nikos Kazantzakis (1883-1957)

2- The Odyssey: A Modern Sequel

3- Constantine Petrou Kavafy (1863-1993)

4- Ithaka

5- The Silence of the Sirens.

6- Margaret Atwood (1939-)

7- Penelopiad

8- Edna St. Vincent Millay (1892-1950)

9- An Ancient Gesture

١٠- کتێبـی دووەمـی ئۆدیسـەی هۆمێـر، ئـەو دەمـەی کـە ئۆلیس لـە شـەڕی ترواپـە و پینێلۆپـی ئـەو قسـەیە بـە شـاعیرێک دەڵـێ، ئەمـەش دەقـی ئینگلیزییەکـەی:

But if he never comes back then I suppose
I'll have to marry someone, whoever he may be.

11 & 12- Apton Sinclair (1878-1968) نووسـەری ڕۆمانـی The Jungle.

١٣- ئەوەش دەقی ئینگلیزییەکەی:

And doing this all through the night;
Your arms get tired, and the back of your neck gets tight
And your husband has gone, and you don't know where, for years.

١٤- دەقی ئینگلیزییەکەی:

Laistrygonians, Cyclops, Angry Poseidon- don't be afraid of them

١٥و ١٦- Ulysse نووسـراوی Alfred lord Tennyson (١٨٠٩-١٨٩٢) شـاعیری ئینگلیـزی و کەڵـە شـاعیری دەربـاری شـاژن ڤیکتۆریـا.

١٧- دەقی ئینگلیزییەکەی:

We are not now that strength which in old days
Moved earth and heaven, that which we are, we are;
One equal temper of heroic hearts
Made weak by time and fate, but strong in will
To strive, to seek, to find, and not to yield.